# گفتوگۆیەك لەگەڵ شیعرەكانی "فایەق بێكەس" دا

ئامادەکردنی: ڕەهبەر سەید ئیبراهیم

ئەم بابەتە لە گۆڤاری خاک ژمارە "57"ەوە وەرگیراوە

بێکەس: ناوی فایەق کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی کاکەحەمەی ئەلیاسە قۆچەیە. بنچینەی بنەماڵەیان لە قەڵاچوالانەوە هاتوونەتە سلێمانیی، خۆی لە ساڵی 1905 دا لە گوندی سیتەک لەدایکبووە. ڕۆژی 18.12.1948 کۆچی دوایی کردووە.

پ: مامۆستا بێکەس با لەوەوە دەست پێبکەین، کام شیعرت بویرانە و بێ منەتانە ڕوو بە " ئەدمۆنز" ڕاوێژکاری ئینگلیز لە سلێمانیی خوێندەوە؟

بێکەس:

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جلوبەرگی خـــــــــۆم
خزمەتم کـــــــــردیت لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستـــــــــــۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجـــــەڕۆم
گونـــــاهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بۆچی بە نـــــاهەق وا سوکت کـــردم؟

پ: قوربان پێت وایە ئەمجارە کورد ئازاد ئەبێ و ئاڵای خۆی هەبێ؟

بێکەس:

دەنگ بڵاوە خەڵک ئەڵێن ئەمجارە کورد سەربەست ئەبێ
چی ئەڵێن، بیڵێن، لەلام وایە درۆ چاو بەست ئەبـــــێ
سەد هەزار جارمان سیاسەت، تەجروبە کرد و کەچـــی
ئێستاکەش زۆرمان، بە فیشاڵی وەها سەرمەست ئەبـــێ،

پ: بۆ مامۆستا نابێ کورد سەربەخۆ بێ؟

بێکەس:

کەی حقوق ئەدرێ؟ ئەسەندرێ، عەیبە ئیتر تێبـــگەن!

سەربەخۆییی چۆن نەسیبی قەومی وا بێ دەست ئەبێ،
پ: دەنا جەنابتان پێتان وایە کورد ئیسپاتی کردووە سەربەست بژی؟
بێکەس:
قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەرڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن، هەر ئەبێ سەربەست بژیـــــــــــن،
پ: ئاخر دەنگووباسی ئازادیی و هەق خۆ درۆ نییە؟
بێکەس:
حورڕییەت و عەدالەت درۆیە بێ ئەساسە
بۆ دەس برینە ئەم هەموو دەنگووباســـــە!
پ: مامۆستا ئاخۆ دەبێ لەبەر چی بێ، کورد بە ئاوات و مەبەستی خۆی ناگات؟
بێکەس:
کور ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیـــە
دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەک بۆیە وا بێ لانەیە،
پ: بە ڕای جەنابتان چی بکەین؟
بێکەس:
هۆش و بیرت بێ، پیاوی ژیرت بــێ
لە جێی سەربەستیی بۆ زنجیرت بێ؟
پ: مامۆستا بێکەس.. مامۆستای زانا و مێژوو نووس "ئەمین زەکی بەگ" ئایا چۆن پیاوێک بوو؟
بێکەس:
پیاوێک بوو بۆ کورد تەئریخی نووسی
لای نەدا لە ڕێ، مەوقیع کورســـــــی
زۆر فیداکار و میللەت پەرست بـــــوو
هەواڵی قەومی بە دڵ ئەپرســـــــــــی،
پ: مامۆستا ئێوە لە پاڵ کوردایەتییدا، ڕۆڵی گەورەتان گێڕا لە بڵاوکردنەوەی عیلم و خوێندەواریی.. پێتان ناخۆش نەبێ، دوایی بۆ وازتان لە عیلم هێنا؟
بێکەس:
تووشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم
سواری پاپۆڕی جەهل بووم و بەناویا تێ پەڕیـــم
سەد شوکر نەجاتم بوو لە باسی عیلم و فـــــەن
نامگرن جارێکی تر، بۆیە لە کەیفا هەڵپەڕیــــــــم،
پ: ئەدی ئەو قسانەی پێشتر بە خەڵکت گووتووە دەربارەی خوێندن؟
بێکەس:

گەرچی تا ئێستا وتوومە، تێگەن زوو پێبــــــــگەن
بەو قسانەم قەتیعەن باوەڕ مەکەن سەگ بووم وەڕیم،

پ: قوربان لەبەرچی وا تووڕەن ئاخر بۆ وا بیردەکەیتەوە؟

بێکەس:

شەرتە کەر بم بارە گوێزم لێ بنێن خرەی نەیــــێ
با دەمێ زۆر و کەمێ وەک بێ غەمێ بۆ خۆم بژیم،

پ: مامۆستا ئێوە رووناکبیرن بۆ وا بە گژ علم دا ئەچن؟

بێکەس:

عیلمی ئێستا بۆتە مایەی دەردی سەر
عیلمە بۆتە واسیتەی مەحوی بەشــــەر
تف لە علم و سەنعەت و سەد کەرەبــــا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا،

پ: قوربان لە جەنابتان ناوەشێتەوە ئەم قسانە، مەرحەبای چی؟

بێکەس:

هەقمە لێم گەرێ تەعنەم لێ مـــــــەدە
هەقێکی ئەوهـــــا لە سەدا ســـــەدە
مردم ئەوەنــــــدە هەوڵ و چەنــــەم دا
هەرچییەکم نووسی گشتی چوو بە "با"،

پ: مامۆستا لەسەر ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیەت ئایا پایەیەکی تایبەتیی و ڕێزی خۆت هەیە لەناو خەڵکیی دا؟

بێکەس:

لە حاڵم بۆیە بێزارم، تەماشاکەن چەند عــــــەکســـــــــم
لە پەستیی بەختی نا پووخت و لەبەرزیی عیزەتی نەفسم،

پ: قوربان جا ئەمە شانازییە بۆ جەنابتان؟

بێکەس:

بە دوو ڕوویی و درۆ و ساختە گەلێ کەس پێگەییی، ئەمما
منی بێکەس، لـــــــەسەر راستیی بە دائیم گیرەوەی حەپسم
ئەوانەی دوێنێ گاڵتەم پێ ئەکردن، ئێستـــــــا زۆر بەرزن
تفوو لەم بەختە سەر سەختە و لە نـــاوچەوانی نەحســـــم،

پ: مامۆستا ئایا وتار و شیعرەکانت لە ناو خەڵکدا نرخی خۆی هەیە؟

بێکەس:

ڕەواجی کوانێ لای خەڵکیی وتار و شیعری پڕ مەعنـا

گەلێ کەس پێکەنینی دێ، بە گووفتار و دەم و لەوسم،
پ: مامۆستا بۆ هێندە بێزاری لە ژیان؟
بێکەس:
عومرێکی تورەهاتــە بێ کەڵک و بێ سەباتە
ئاخریی قەبری تەنگە ئەوی کە لۆرت و لاتــە
پ: قوربان خوا نەخواستە ئەگەر کۆچی دواییت کرد وەسیەتت چییە؟
بێکەس:
دونیایە وەسیەت ئەکەم لە لای تـــۆ
کە مردم تووخوا هەر بە مەی بمشۆ،
پ: مامۆستا بۆ هێندە مەراقتان خواردنەوەیە، دەریدەهێنێ هەموو ئێوارانێ بخۆیتەوە؟
بێکەس:
داخی قەرزاریی عەرەق خستوومیە فاک و فیـــــــکەوە
گا بە دەست جەرجیس و عەبدە و گا بە دەست ئۆفیکەوە،
پ: قوربان چ زەوقێکی لێدەکەن، چۆن خۆشەسەرخۆشیی؟
بێکەس:
خۆشە سەرخۆشیی گەر تووشی ڕەفیقی تووش نەبی
ڕابوێری هەر بـــــە گۆرانیی و قسەی عەنتیکـــــەوە،
پ: مامۆستا بۆ شاعیرێکی گەورەی وەک جەنابتان لۆمەت ناکەن بخۆیتەوە؟
بێکەس:
هەقمە گەر عارەق بخۆم تووخوا ڕەفیق لۆمەم مەکەن
زەحمەتە بێ مەی ژیانم، بەم دڵـــــــــــەی تاریکەوە،
پ: قوربان لەبەرچی عارەق دەخۆیتەوە؟
بێکەس:
من عارەق ئەخۆم کە بێ کەدەر بـــم
کەمێ لە دونیای دوون بێ خەبەر بم،
پ: مامۆستا عارەق زەرەری هەیە، بامیە و قبوڵیی خۆشتر نییە؟
بێکەس:
عافیەتی تۆ بێ بامیـــــــە و قبوڵیی
با من بە عارەق تووشی زەرەر بم،
پ: جا قوربان نەختێ پارە خڕ بکەیتەوە باشتر نییە، یان ڕازییت بە زەرەری خواردنەوە؟
بێکەس:
من کە ڕازیی بم بە نەختێ عــــارەق

به چۆڕێ چێشت و لەتێ نانی ڕەق
کەڵکەڵەێ پارەم لـە سەردا نەبـــێ
حیرس و تـــەماعم دابێتە بەرشـــەق،
پ: مامۆستا جەریدە دەخوێنیتەوە، شوکر معاش زیادی کردووە ئایا وەزعتان باش دەبێت؟
بێکەس:

| | |
|---|---|
| قريت في جريدات | ترفيعات طالعـات |
| بكل دائرات | ماكو ابدا مغدورات |
| اما الانى فمسكين | اكو ترفيع تاخيرات |

پ: جا معاش چۆن دەدرێ؟
بێکەس:
مانگ زۆر درێژە بۆ پیاوی نـــاپووت
تـا معاش ئەدرێ ڕۆح دێتە سەر لووت،
پ: قوربان چیت هەیە دەربارەی پارە و پوول بینووسین؟
بێکەس:
ئەمەت پێ ئەڵێم ئەتۆش بینووسە
ئیمان و دین و شـەرەف فلووسـە،
پ: مامۆستا پێت وایە خەڵک زۆر گرنگیی بە شیعر و ئامۆژگاریی بدات؟
بێکەس:
کێ گوێ ئەداتە شیعر و نەسیحـەت؟
کێ پەسەند ئەکات قسەی بە قیمەت؟
پ: قوربان عەیب نییە ئەو گفتووگۆیە بڵاوبکەینەوە، ئایا ئەئسیری نییە؟
بێکەس:
"عەیبە عەیبە" ئەی ڕەفیقان ماڵی خەڵک وێران ئەکـــا
پیاو ئەخاتەسواڵ و سووکیی گەورە سەرگەردان ئەکا
سەیری ئەم عەیبە عەیبە، چەند تەئسیری هەیـــــــە
کوردی کردۆتە موهاجیر ئیش لەناو شاران ئەکـــــا،
پ: مامۆستا گیان ئامۆژگارییت چییە؟
بێکەس:
یەکگرن.. پێشکەون.. ڕاپەڕن.. سەرکەون
چاوی لێتانە دایکی وەتـــــــــــــەن،
پ: مامۆستا ماندوومان کردیت پرسیارێکمان ماوە زەحمەت نەبێت،
بێکەس:

چی ئەزانن؟ وازم لێ بێنـــــــــــە
پەردەی ئەسرارم، زۆر پێ مەدڕێنە
قسەم زۆر ماوە، ڕەقە وەک بەردە
کاکە لێمگەڕێ، بەرۆکم بـــــەردە،

# کۆتایی

لەگەڵ ڕێزی پێنووسی کورد
26-01-2004